# تۆبەتنامەکەی دکتۆر کەمال، هەڵوێستێکی جوانی بەرێز عومەر فارس، پێشنیارێکیش بۆ حەمەسەعید حەسەن. ... ئەردەڵان عەبدوڵڵا



پێش ماوەیەک ووتارێکم لەسەر دکتۆر کەمال نووسی، تێیدا ووتم کەئەم بەرێزە لەووتارەکانیدا، هیلاکیەکی دەروونی پێوە دیارە. لێ پاش ئەم ووتارەم هەندێک برادەر گلەییان لێکردم و کۆمەڵێک ئیمایلی جنێویشم لەچەند کەسێکەوە بۆ هات، کەتەنها شایستەی ئەو کەسانەن کەبۆیان ناردووم. من هیچ کات تووڕەبوون وهاربوونی ئەوان کارم تێناکات. گەر بۆچوونێکم ڕاست نەبێت دان بەهەڵەی خۆمدا دەنێم دەڵێم (من هەڵەبووم). لێ هیچ کات ئامادەنیم پەشیمان لەبۆچوونێک ببمەوە، کەبزانم سەد دەر سەد ڕاستم.

## تۆبەتنامە

هەموو کات ڕژێمە دیکتاتۆر و عەسکەریەکان، بۆ سەپاندنی حوکمی نەگریسی خۆیان، ئەم سیاسەتە چەپەڵەیان داهێناوە. کەسانی شۆڕشگێڕیان دەگرت و بەزۆر تۆبەتنامە و پەشیمان بوونەوەیان پێ دەنووسین. ئەمەش بۆ ریسواکردنی وزەلیل کردنی ئەو کەسانەو پیشاندانی بەخشندەیی ومیهرەبانی حوکمە دیکتاتۆریەکانیان بوو. ڕژێمی بەعس وخومەینی، بە هەزاران کەسی شۆڕشگێڕیان بەم دەردەبرد. ئێمەهەموو دەزانین کەئینسان کۆمەڵێک ئێسقان و خوێنە، مرۆڤیش تارادەیەک بەرگەی قامیچی و لێدان دەگرێت. هەر بۆیەلای من زۆر ئاساییە گەر یەکێک لەژێر لێدان و ئەشکەنجەدا تۆبەتنامە بنووسێت. من هیچ کات چاوەڕێی ئەوە لەدکتۆر کەمال ناکەم، کەوەک خاڵەشەهاب بڵێت (کەم بژی و کەڵ بژی) یان پەتی سێدارەبکاتەملی و بڵێت:

لەبەردەم سێدارەی دوژمن
پەتی سێدارەدەنێمەگەردن
کرێکارێکی هەژاری کوردم
هیچ پەشیمان نیم لەوەی کەکردم

لای خۆشمان ئەم سیاسەتەپێرەوکراوە. لەشەستەکان مەلا مستەفاش تۆبەتنامەی بە (مەکتەبی سیاسی) دەرکرد. لەهەشتاکانیش مام جەلال تۆبەتنامەی بە(مەلا بەختیار) دەرکرد. ساڵی 2002 لەشاری مانهایم کەسێک پەلاماری گێرهارد شرۆدەری دا، پۆلیسەکان کابرایان گرت. لێ کابرا پاشان بەرەڵا کراو ڕۆژێکیان دانا بۆ دادگایی کردنی. کابراش چەند پارێزەرێک بەرگریان لێکرد و زۆر ئازادانەش دادگایی کرا. گریمان دکتۆر کەمالیش (هوولیگن، ئاژاوەگێرێک) بوو. ئایا دەبێت بەم شێوەیە سزا بدرێت؟! لەو کاتەی کەپارتی و یەکێتی ڕێز لەماڤەرەواکانی خەڵکی ناگرن، ئاساییە گەر خەڵکیش ڕێزیان لێ نەگرێت.

## مۆچیاریەک بۆ پارتی

نێچیرەوان بەرزانی بەرۆژنامەوانێکی توورکی ووت (ئێمەسوود لەئەزمونی دیمۆکراتی توورکیا وەردەگرین، کەمال ئەتاتورکیش مامۆستامانە) من تەنها ئەوەدەڵێم با لەتوورکیاوە فێری ئەوەبن کەسیاسەتی تۆقاندن و ترساندن، ناتوانێت وا لەخەڵکی بکات واز لەماڤەرەواکانی خۆی بهێنێت. ئەمڕۆ بەلێدان و ترساندن و برسی کردن، خەڵکی واز لەداواکاریە ڕەواکانی خۆی ناهێنێت. هەر بۆیە باشترە واز لەم سیاسەتە کۆن و سواوە بهێنن.

## هەڵوێستێکی جوان

لەم رۆژانەدا سەیری نووسەرەکانی کوردستان نێت م کرد. زۆر سەیر بوو لام کەبینیم، وێنەو نووسینەکانی دکتۆر کەمال هەر ماوە و. جگە لەویش چەند کەسێکی تریش کەرۆژانە جنێو لەسایتەکانی ترەوە بەم سایتە و بەرێز عومەر فارس دەدەن، ئەوانیش هەر وێنەو نووسینەکانیان ماوە. بەراستی ئەمە هەڵوێستێکی جوانە و لووتکەی مۆراڵ بەرزیە. هیوادارم ئەم بەرێزە و سایتەکە، هەروا بمێننەوە، خەڵکی تریش چاو لەم بکەن.

## پێشنیارێک

ماوەیەکی زۆرەبەرێز (حەمەسەعید حەسەن) بەشێوەیەکی سەیر گۆراوە، کەئەمەش بۆتە جێگای پرسیارو گلەیی لای زۆربەی نووسەران. بەش بەحاڵی خۆم حەزم نەکردووە لەسەر ئەم بەرێزە بنووسم ئەویش لەبەر دوو هۆ:1 / لەوەتی ئەم بەریزە چۆتەسەنگەری پارتیەوە، کۆمەڵێک کەس ئەم بەرێزەیان لای یەکێتی بە(قۆنتەرات!) گرتووە و هەموو کات جنێوی پێدەدەن. جا منیش پێم باش نەبوو بەچاک و بەخراپ لەسەر ئەم بەرێزەبدوێم. 2/ ئەم بەرێزە کوڕی (چەپ) بووە، بۆ منیش جوان نەبوو قسە بەکۆنە هاورێ یەکی ئەو بزووتنەوەیە بڵێم و، هەر بەتەمای ئەوەبووم کەباش بێت. لێ بەداخەوەخراپتر بووە.
راستە وولاتانی سکاندناڤیا، باشترین رەفاهیەتی مرۆڤی تێدایە. لێ کەش و هەواکەی زۆر خراپە. ئەمەش وای کردووە مرۆڤەکان لەرووی دەروونیەوە زۆر هیلاک بن. لەبەر ئەوەرێژەی خۆکووشتن (ئینتیحار) لەم وولاتانەزۆرە. ئەم گۆرانەی (حەمەسەعید حەسەن) یش یەکێکەلەو شێوەیە. من پیم وایە زیاتر بارە دەروونیەکەیتی وای لی کردووە، کەبەم شیوەیە بگۆرێت. کاتێک دوا نووسینیم خوێندەوە(لەکن دکتۆر کەمال) بووم. بۆچوونم گۆراو ووتم دەبێت شتێک بۆ ئەم بەرێزە بنووسم. پێش هەموو شتێک دەبێت بڵێم کە، دکتۆر کەمال هیچ جنێوێکی بەحەمەسەعید حەسەن نەداوە. بەڵکەرەخنەی ئەوەی لێ گرتووە بۆ چی (جەلالی نامەکە) لەو کاتە بلاو کرایەوە؟!، هەروەها جەلالی نامە لەکوردستان چاپ کراوە نەک لەسوێد. لێ ئەوەی کەجنێوی زۆر پێ داوە بەرێز (عومەر فارس) ە. ئەویش لەبەر ئەوەی لە ساڵی 2004 دا نووسینێکی بۆ بلاو نەکردۆتەوە. ئەمەش لەحەمەسەعیدەوە فێر بووە. کاتێک گۆڤاری رەهەند و رۆژنامەی هاولاتی نووسینیان بۆ بلاونەکردەوە، کەوتە جنێو دان و قسەووتن پێیان. کاتێک بەرێز (عومەر فارس) جەلالی نامەکەی بۆ بلاوناکاتەوە. پێ دەڵێت ترسنۆکە، سایتەکەی 90% ی ئەوانەی شتی تێدا دەنووسن نووسەر نین. ئەی کاکی برا

بۆچی لەشوێنێک شت دەنووسیت کەتەنها کۆلکەنووسەر تێیدا دەنووسنێت؟!. یان دەڵێت من بۆ پشتگیری کردن شتی بۆ دەنووسم واتە(بەزەیی) پێدا یەتەوە. بەراستی ئەوەی ئەو نووسینەی خوێندبێتەوە، واهەست دەکات کەئەم بەرێزە و چەند جەلادێک، بەسەر سەری دکتۆر کەمالەوەستاون، بەزۆر ئەم تۆبەتنامەییەی پێدەنووسن. کەئەمەخۆی لەخۆیدا

بەشداریکردنەلە(سزا دان و ئەشکەنجەدانی) کەسێک. بەراستی گەر هەر کەسێکی تر وای بکرادایە، حەمەسەعید حەسەن دەیکردە تاوانباری جەنگ. کاتێک کەمەلا بەختیار بەزۆر تۆبەتنامەکەی پێ نووسرا، کەسێکی وەک (شیرکۆ بێ کەس) ئەمەی تۆی بکردایە، بەراستی لەوانەبوو لەسوێد بەرد بارانت بکردایە.

من پێشنیاری ئەوەدەکەم کەنووسەران لەم کارەبێ دەنگ نەبن. چونکە دیاردەیەکی زۆر خراپە. بەراستی نابێت هەر کەس شتێکی لەگەڵ نووسەرێک بێت، خۆی بخاتەپاڵ حیزبێک و ببێتە جەلاد. هەروەها دەبێت یەکێتی نووسەرانی سوێد و حکومەتی سوێد ئاگادار بکرێتەوە، چونکە ئەمە بەپێی یاسای سوێدی تاوانە. لەلایەکی ترەوە بەپێی یاسای سوێدی، نابێت سوێدی ئەندامی (گروپێکی تیرۆریستی) بێت. جا بۆیەمن تکا لەو نووسەر و رۆشنبیرانەی سوێد دەکەم بەم کارەهەڵسن، چونکە تازە قسەلەگەڵ ئەم بەرێزە هیچ سوودی نییە. باشترین شت ئەوەیەشکاتی لێ بکەن و با خەڵکی تریش فێری ئەم کارەخراپە نەبێت. دوا قسەشم بۆ ئەم بەرێزەئەوەیە(سەیری نووسین و کتێبەکۆنەکانت! بکە، سوودی لێ وەردەگریت). چونکەمن خۆم زۆر سوودم لێ وەرگرتوون. لێ هیچ کات لەمەو دوا ئامادەنیم تاکە ووشەیەکت بخوێنمەوە.

ئەڵمانیا / مانهایم